وكالة الأمم المتحدة للهجرة

**سەنتەرەکانی کۆمەڵگەیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەشداری بە ئاوارەکان و گەڕاوەکان و کۆمەڵگە خانەخوێکانی عێراق دەکات لە بونیادنانی ئاشتی**

بۆ چاکبوونەوەی عێراق لە ساڵانەوەی ناکۆك و ئاوارەبوونێکی بەربڵاو، پشتگیری پێویستە نەك تەنها بۆ چاککردنەوەی ژێرخانی مادەیی زیان پێی گەیاندراو، بەڵام هەروەها تا پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێز بکات.

بەهۆی پێکدادانی هەنووکە نزیکەی ٣.٢ ملیۆن ئاوارە لە عێراق هەیە، لەهەمان کاتدا ٢.٢ ملیۆن ئاوارە گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆیان. هەرچەندە کۆمەڵگە خانەخوێکان بەشێوەیەکی بەرچاو میوانداری بەرامبەر ئاوارەکان نیشانداوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرچاوەکان لە ڕێژەی خۆی زیاترە بۆیە کاریگەری هەبووە لەسەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، تەنانەت زۆربەی کۆمەڵگە خۆڕاگرەکان کاریگەری داگیرکاری و ناکۆکیان لەسەر بووە.

بەهۆی پشتگیری عێراقییە ئاوارەکان و کۆمەڵگە خانەخوێکاندا هەروەها گەڕاوەکان بۆ شوینی بنچینەیی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ چوار سەنتەری کۆمەڵگەیی دامەزراند لە پارێزگای بەغدا، دیالە، کەرکوک وە نەینەوا. سەنتەرەکان لەلایەن یەکێتیی ئەوروپا پارەدار کراوە.

سەنتەری کۆمەڵگەیی شوێنێکی دڵنیاوکراو بۆ خەڵکەکە دابین دەکات بۆ کۆکردنەوەی دەستپێشخەریی کۆمەڵگەیی هەروەها بۆ بەشداربوونیان بە مەبەستی زیاتر کردنی متمانە بە خۆ کردن، دڵنیابوون و گفتوگۆی دوولایەن لەڕێگای چالاکییەکانی درووست کردنی ئاشتی، ڕاهێنانی پیشەیی و ڕابەری، ڕاهێنانی ناوبژیوانی وە گرۆپی یارمەتیدانی خۆیی. ئامانجی کۆتاییی ئەم چالاکیانە درووست کردنی کارامەیی کە پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی ناکۆك لە نێوانی خەڵکەکە و پشتگیریی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گشتگر. تا ئێستا زیاتر لە ٤،٦٠٠ کەس بەشدارییان کردووە لە چالاکییەکانی سەنتەرەکانی کۆمەڵگەیی.

ئیخلاس عبد المجید بەرپرسی تیمێکە لە سەنتەری کۆمەڵگەیی لە کەرکوکدا کە لە کانونی یەکەمی ٢٠١٦ دامەزرێنرا ووتی، " سەنتەری کۆمەڵگەیی لە کەرکوک تاکە سەنتەرێکە بەم جۆرە بێت لەم شوێنەدا. ئەم سەنتەرە خاڵی دیدەنیە بۆ خەڵکێکی زۆری ئاوارە هەروەها بۆ ئەندامانی کۆمەڵگەی خانەخوێدا، ئەمانە کە ئامادەبوون بۆ فێربوونی کارامەیی پیشەیی، هەروەها خەریکی گفتوگۆ دەبن و هاوڕێی نوێ دەدوزنەوە."

ئیخلاس ووتی، "سەنتەرەکە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ کۆکردنەوەی خەڵکەکە هەروەها بۆ یارمەتیدانیان بۆ شکاندنی بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان هەروەها کەمکردنەوەی پەشۆکان. کۆرسی بەرگدروو بۆ ئافرەتان بۆ ماوەی سێ مانگ یەکێک لەهەرە چالاکیە جەماوەریەکانە، کە دەرفەتێکی زۆر دابین دەکات بۆ بەشداربوونیان لەگەڵ هاوتەمەنانیان وکۆمەڵگە." لەهەر سەنتەرێکی کۆمەڵگەیی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ چاودێری منداڵان دابین دەکات بۆ مسۆگەرکردنی بەشداربوونی دایکەکان لە چالاکییەکاندا. گشت چالاکییەکان بەخۆڕاییە.

مەنال بە ناچاری لەفەلوجە ئاوارە بوو لەپاش وێرانکردنی ماڵی باوکی لەلایەن تۆپی هاوەنی داعش. مەنال سەردانی سەنتەری کۆمەڵگەیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ کرد لە پاش هەڵاتنی بۆ بەغدا.

" لە بەغدادا هەستمان بە دڵنیای دەکرد، بەڵام لەهەمان کاتدا هەستم بەدابڕاندن دەکرد، چوونکە من لەمەوپێش مامۆستا بووم بەڵام لە بەغدادا هیچ چالاکیی کۆمەڵایەتیی ئاساییم نەبووە.

"من له هاوڕێیێك بیستم كه ڕێكخراوی نێودەوڵەتی كۆچ چالاكیی له سەنتەری كۆمەڵگەیی دابین دەكات. بەشداریم كرد له ڕاهێنانی ناوبژیوانی، كه  فێری وانەی كارامەییی وتووێژ و گفتوگۆ لەنێوان لایەنە ناكۆكەكان دەكات . من هاوڕێی نوێ و زۆر بیرۆكەی گرنگم دۆزیەوه كه یارمەتیم دەدات لەگەڵ گرفتەكانی ئاینده،" مەنال ووتی.

سەنتەری كۆمەڵگەیی ڕێكخراوی نێودەوڵەتی كۆچ كۆمەڵەك له چالاكیی خانەخوێ دەكات، هەروەك دەستپێشخەریی داواكردن، گرووپی گفتوگۆیی فیلم و كتێب و جێبەجێكردنی شانۆ، جگه لەوه سەنتەرەكان بەخشینی بچووك دابین دەكەن بۆ تۆڕی خۆبەخشیو بۆ چالاكییەكان هەروەك جوانكردنی بۆشاییی وه دامەزراندنی  باخچەی كۆمەڵگەیی.

دەرفەتەكانی راهێنانی پیشەیی بریتییه له كۆرسی ئینگلیزی وه كۆرسی خویندەواری بۆ فێربوونی خوێندن و نووسین، دورمان، ئارایشگه، سەرتاشخانه، چاككردنەوەی سپلیت و هونەری و دەست ڕەنگینی. كۆرسی ڕابەری و بونیادنانی ئاشتی بۆ لاوەكان دابین دەكرێن. ئەم هەموو چالاكیانه دەرفەتی درووستكردنی پەیوەندی بۆ بەشداربووەكان دابین دەكات وه خەڵكی له زەمینەی جیاواز به یەكتر دەناسێنێت هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی چەمكه خوازراوەكان.

ئیبراهیم ٢٢ ساڵه، ئاواره بووه له موسڵەوه بۆ كەركوک له ساڵی ٢٠١٤وه، له زەمینەیێكی كەلتووریی جیاواز هاتووه. ئیبراهیم ووتی، كه ڕووبەڕووی گرفتێكی زۆر بووه تا متمانەی خەڵک بەدەست بهێنێت و هاوڕێ له نێو كۆمەڵگەی خانەخوێ بدۆزێت.

” ئامادەبوونم له سەنتەری كۆمەڵگەیی، دەرفەتێک دا پێم بۆ پەیوەندی كردن لەگەڵ نیشتەجێی خۆجێیی و فێربوونی زانیاری دەربارەی كۆمەڵگەكان كه له زەمینەی جیاواز هاتوون. هەروەها یارمەتیم دا تا بۆ ئەندامانی كۆمەڵگه ڕوون بكەمەوه كه ئەم خەڵكانه له موسڵی هەڵاتوون، ئەمانەش ڕزگاربوونەتەوه له توندوتیژی داعش. ئەمه كێشەیەكی گەوره بوو چوونكه هەندێك خەڵك به شێوەیەكی جیاواز هەستیان بۆ ئێمه هەبوو، چونكه ئێمه له شوێنەكانی ژێر كۆنترۆلی داعش ئاواره بووین."

سەنتەری كۆمەڵگەیی لەلایەن كارمەندانی تیمی ڕێكخراوی نێودەوڵەتی كۆچ بۆ پشتگیری دەروونی و كۆمەڵایەتی وه پێكەوەبوونی كۆمۆڵایەتی بەڕێوەدەچێت كه  لەنزیكەوه كار دەكەن لەگەڵ بەرپرسی له بەڕێوەبردنی كۆمەڵگه.

بۆ مسۆگەركردنی بەردەوامبوون، ڕێكخراوی نێودەوڵەتی كۆچ چالاكیی كۆمەڵگەیی ئەنجام دەدات به هەماهەنگیەكی نزیك لەگەڵ عێراق و هەرێمی كوردستان، وەزارەتی وەرزش و لاوان  و وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی عێراقی.

بۆ تەماشاكردنی ڤیدیۆ لەسەر سەنتەرەكانی كۆمەڵگەیی، تكایه لێره كلیک بكه: : https://youtu.be/X4o0xPSayII

* * * * * * * *

**ئاوارەبوون بەردەوامه لەسەرتاسەری عێراقدا:**

موسڵ – نزیكەی یەک ساڵ لەپاش دەستپێكردنی ئۆپەراسیۆنی موسڵ كه له ١٧ی تشرینی یەكەمی ٢٠١٦ دەستپێكرد، ٨٠٠,١٠٠ تاكەكەس بەم تازەیه ئاوارەبوون لەهەمان كاتدا زیاتر له ٢٩٧,٨٠٠ كەس گەڕاونەتەوه (له ١١ی تشرینی یەكەمی ٢٠١٧) بەپێی تۆماری ڕێكخراوی نێودەوڵەتی كۆچ بۆ بەدواداچوونی ئاوارەكان.

حەویجه وه شرگات – بەهۆی ئۆپەراسیۆنی حەویجه و شرگات كه له ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٧ دەستپێكرد، زیاتر له ١٥,٦٠٠ كەس بەو تازەیه ئاواره بوون. زیاتر له ١٠٢,٧٠٠ كەس كه هەر لەم شوێنانه ئاواره بوون لەنێوانی ئابی ٢٠١٦ تاكو ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٧. زیاتر له ٣١,٢٠٠ كەس گەڕاونەتەوه لەدوای ئۆپەراسیۆنەكان لەم ماوەیه دا (له ١٢یتشرینی یەكەمی ٢٠١٧).

داتای تۆماری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ بەدواداچوونی ئاوارەکان لە عێراق دەربارەی ئاوارەبوون لەسەرتاسەری عێراقدا لێرە بەدەست دەکەوێت:  http://iraqdtm.iom.int

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچی عێراق بکە:

ساندرا بلاك، تەلەفۆن: ٩٦٤٧٥١٢٣٤٢٥٥٠+، ئیمێل: sblack@iom.int